بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 24-10-2006 19:54

بیست و چوار نزای نیگار عەلی .... نزای 7

nigaral_24@freenet. de

شەونمە بارانی جەژن

من نەم دەویست لە جەژندا بێمە لای تۆ
من نەم دەویست لەڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا بێمە لای تۆ
ئەوسا لای من ئەو ڕۆژانە جەژن دەبوون
کە من تۆم تیادا دەبینی
ئەو ڕۆژانەی کە گوڵە ئەستێرەت دەدا لە قژی من
ئەو ڕۆژانە بە هەوری ئاسمانت دەوت
کۆچ بکەن و بارانی خوڕ نەبارێنن
نەوەک پرچ و قژی ئاڵم بژاکێنن
ئەو ڕۆژانەی سەرجەم گوڵی نێو باخچەکانت ڕادەسپارد
ڕوی خۆیان بە سارای ژیان دابپۆشن
هە تاوەکو کاتێک من بەویادا ڕۆشتم
ئەوان دڵیان دانەمێنێ لە جوانی من
ئەو ڕۆژانەی بە دارچناری سەرچناریشت دەگووت
کە من بە لایاندا ڕۆشتم
دەبێ ملیان کەچ بکەن و سوجدەی بێ زۆرەملێی بۆ من بەرن
ئیستا جەژنەو ئەو ڕۆژانە گشت نەماون
ئێستا جەژنەو ئیتر پشووی هەژارانە
کە سی ڕۆژە ناخی خۆیان خواردنیانە
کە سی ڕۆژە دەم بە قووتن و نان و ئاو لایان حەرامە
ئەمڕۆ جەژنە و لای ئەوان وەک دوێنێ و
وەک سی ڕۆژ لە مەوبەر وایە
چونکە ئەمڕۆ هەرچەند جەژنە
بەلام لای ئەوان ئاگردان سارد و سڕەو
منداڵانیان هەر چاوەروانی بێهوودەن
سفرەی ئەمڕۆش هەروەکو دوێنێکە وایە
لە لای منیش سفرە پڕە... خواردنم لە بەر دەستایە
بەڵام چیبکەم، کە بێ سۆز بم
بەڵام چی بکەم خاکی ووشکی بێ باران بم
من دەترسم کە بێم بۆلات
من دەزانم ئەمڕۆ جەژنە
بەڵام لە من دەبێتە ڕۆژێکی نەهات
بڕیارم دا و هاتیشمە لات
کە هاتیشم پەشیمان بووم
لە بری شە ونمە بارانی جەژن

لە بری جەژنە پیرۆزێ
بارانی ڕق بۆم دا باری
گەڵاکانی ماچی لێوم زوو هەڵوەری
فرمێسکی پەشیمانیشم بە خوڕ باری
تۆش زۆر بێباک وەکو پیشەی هەموو جارێ
پشتت تێم کرد.. هەورت بانگ کرد
دەستت لەدەستی ئاگر و ڕەشەبای ڕق و
ڕەشەبای دڵڕەقی کۆمەڵگا کرد
بۆیە منیش ناچاربووم و هاوارم کرد پڕ بە دنیا
ئاخر تەنیا تاوانی من هەر ئەوەبوو خۆشم ویستیت
دەسا تۆش جێم مە هێڵە
تا بتوانم سوجدە
بۆ پەیکەری دڵە بە بەرد بووەکەت ببەم
تا بۆ دوا جار نزا بکەم

نیگار عەلی... ئەڵمانیا... 23. 10. 2006